گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرین

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper7

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠١/٢٨
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٣/٢٧
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٨/٢٩

# ڕەنگدانەوەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەسەر خوێندکارانی زانکۆ لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

**هەڵاڵە غەریب عبدالله[1] - عالییە فرج مصطفی[2]**

alia.mustafa@uinvsul.edu.iq - halalaxareb@gmail.com

[1+2]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

خوێندنی ئەلیکترۆنی وەک جۆرێک لە جۆرەکانی خوێندن لەناو کایەی پەروەردە و فێرکردندا گرنگی و بایەخی خۆیی لە پاراستی دامەزراوەی پەرەوەردەدا هەیە، بەتایبەتی لە کاتە لەناکاو و کتوپڕەکاندا کە دەبنە هۆکاری پەککەوتنی خوێندنی ڕوبەڕو لە ناوەندەکانی خویندندا. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕوی ڕەنگدانەوەکانی خوێندنی ئەلکترۆنییە لەسەر خوێندکارانی زانکۆ، خستنەڕوی فەلسەفەی خوێندنی ئەلیکترۆنی، هۆکار و پاساوەکان و جۆرەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی، میتۆدەکە وەسفییە. ئەم جۆرە خوێندنە لە جیهان و وڵاتانی دراوسێدا مێژوییەکی دورتری هەیە بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان، ئەمەش بۆ ئەو گۆڕانکارییە خێرا و بەردەوامەی تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە لە جیهاندا، ئەم گۆڕانکارییانەش بەردەوام جێگای سەرنجی توێژەران بوە، بۆ خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەو ڕەنگدانەوانەی لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییەوەنەوە دێنەکایەوە. دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن یەکێکە لەو دامەزراوانەی کە گۆڕانکاریی گەورە لە کۆمەڵگەدا دەکات. خوێندن یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان لە دنیای ئەمڕۆدا، ئەمەش وایکردوە لە ئەنجامدا زانایانی بواری پەروەردە و فێرکردن، ئەو ڕاستییانە بخەنەڕو کە ئەو گۆڕانکارییانەی بە هۆکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ڕویانداوە، کاریان کردوەتە سەر سەرجەم دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بە تایبەتیش دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن.

**کلیلە وشەکان:** ڕەنگدانەوە، خوێندن، خوێندنی ئەلیکترۆنی، خوێندکاری زانکۆ

## پێشەکی:

پرۆسەی خوێندن (خوێندکار وەک سەنتەری پرۆسەکە، مامۆستا، میکانیزمەکانی خوێندن) پرۆسەیەکی دور و بەردەوامە، مرۆڤ بەپێی جیاوازیی کۆمەڵگە و قۆناغ و سەردەمەکانەوە گۆڕانکاریی لە شێواز و میکانیزمەکانیدا کردوە، هاوکات هەمیشە هەوڵی داوە بەسەر کۆسپ و سنوربەندییەکانیدا زاڵببێت، ئەگەر لە سەردەمی سۆفیستەکاندا پێویستیی فێربون و قۆناغەکە، سۆفیستەکانی لە شێوەی مامۆستای گەڕۆکدا وەک میکانیزمێک هێنابێتە ئاراوە، ئەوا لە دواتر و، لای پلاتۆن و ئەرەستۆ باخچەیەک لە شێوەی ئەکادیمیادا دەبێتە ناوەندی کۆبونەوەی قوتابییان و پرۆسەکە قۆناغێکی پەرەسەندوتر وەردەگرێت. دواتر و لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا ئەم پرۆسەیە مۆرکێکی ئایینی وەردەگرێت و بەپێی خواست و سەردەمەکە میکانیزمەکانی گۆڕاون. لە مێژوی نوێیشدا پەرەسەندنەکان فراوانتر و زیاتربون، بەتایبەتی دوای کردنەوەی زانکۆکان و فراوانبون و زیادبونی ژمارەی ناوەندەکانی خوێندن و لێکجیاکردنەوەی ئاستەکان، ئەم پرۆسەیە میکانیزمەکانی فرەچەشن و پەیوەستییشی بە ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵگەکانەوە پتەوتر بوە، هەر بۆیە کاریگەری و ڕەنگدانەوەکانیشی لە ئاستێکی فراوانی ژیانی کۆمەڵەکاندا بەرجەستە بوە.

لە سەدەی نۆزدەدا بۆ یەکەم جار وەک ئاسانکاری و خۆگونجاندن لەگەڵ پێدراو و دۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکانی ئەو قۆناغەدا، خوێندن لە دورەوە وەک میکانیزمێک بۆ بەردەوامی و فراوانکردنی پرۆسەی خوێندن، لە بەریتانیا و ئەمەریکا سەریهەڵدا، لە ئەمەریکا دەزگایەک بەناوی کۆمەڵەی هاندانی خوێندن لە ماڵەوە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتبو. پاشان لە سەدەی بیستەوە ئەم لایەنە بە مەبەستی تێچویەکی کەمتر بۆ خوێندکاران و زیاتر پەرەپێدانی خوێندنی تاکەکەسی، پرۆسەی خوێندن لەدورەوە یاخود بە نامە (المراسلة) زیاتر گەشەیکرد و فراوان بو، بە جۆرێک هەندێک لە زانکۆکانی ئاسیا و ئەفریکایشی گرتەوە.

واتە ئەگەر لە ڕوی مێژوییەوە سەرنجی پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی پرۆسەی خوێندن بدەین، دەبینین لەپێناو بەردەوامیی ئەم پرۆسەیەدا هەمیشە هەوڵدراوە ئەو بەربەست و ڕێگری و گرفتە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و ئایینییانەی دێنە بەردەم پرۆسەکە، تێپەڕێنرێن. لەم پێناوەیشدا هەوڵ دراوە میکانیزمی جۆراوجۆر لە خزمەتی پرۆسەکەدا دابهێنن. ئەم لایەنە لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیستویەکدا بە هۆی داهێنانە تەکنەلۆژییەکان و تۆڕە ئینتەرنێتییەکانەوە زیاتر گرنگیی پێدرا.

بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەک مەترسییەک بۆ ژیانی مرۆڤەکان، زیاتر لە هەر هۆکار و ڕێگرییەک، کاریگەریی لەسەر پرۆسەی خوێندن دروست کرد، بەتایبەت ئەگەر مەترسی و ڕێگرییەکانی پێشتر، بەشەکی (جزئي) و تایبەت بە گروپ و کۆمەڵێک یاخود ناوچەیەکی دیاریکراو بوبێت، ئەوا ئەم پەتایە گشتی و بۆ

سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی هەبو، بەتایبەت خوێندنی باوی بە ڕەهایی وەستاند. لەبەر ئەوە پەنابردن بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی (فێربونی ئەلیکترۆنی) و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەپێناو بەردەوامیی پرۆسەی خوێندندا بوە تەنها میکانیزمی جێگرەوە. جیهان بەرەو داخران ڕۆیشت، سەرجەم بوارەکانی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەستان، گۆڕانکارییەکی کتوپڕ هاتەکایەوە، زۆربەی زۆری دامەزراوە فێرکارییەکان داخران و ٦٠٪ی خوێندکاران کەوتنە ژێر ئەو کاریگەرییەوە.(UNESCO, 2022). ١,٦ ملیار خوێندکار لە زیاتر لە ١٩٠ وڵات لە هەمو کیشوەرەکاندا لە سایەی ئەو سیستمەدا خوێندیان. (المجموعة الأمم المتحدة للتنمية المستدامة، 2020)

ئەگەرچی خوێندنی ئەلیکترۆنی تەنها ئەلتەرناتیڤی قۆناغی ڤایرۆسی کۆرۆنا بو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بەشێک لە وڵاتانی جیهان خوێندنی ئەلیکترۆنییان ڕەتکردەوە، بە هۆکاری نامۆیی ئەم شێوازە و ترس لە شکست و سەرنەکەوتن، نەبونی خەت و خراپیی هێڵی ئینتەرنێت، ئاشنانەبونی فێرخواز و مامۆستا بە بەرنامە فێرکارییە ئەلیکترۆنییەکان و... تاد.

ئەم توێژینەوەیە لە دو تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم: توخمەکانی توێژینەوە و پێناسەی چەمکەکان؛ تەوەری دوەم: سەرهەڵدان و گەشەسەندنی خوێندنی ئەلیکترۆنی و فەلسەفە و هۆکار و پاساوەکانی و جۆرەکانی بەپێی پرۆسەکان و ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتی، تەندروستی، زانستی و ئابورییەکان.

## تەوەری یەکەم: توخمە سەرەکییەکانی توێژینەوە و پێناسەی چەمکەکان

### یەکەم: توخمەکانی توێژینەوەکە

### ١-بابەتی توێژینەوە:

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندنی ئەلیکترۆنی چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر خوێندکارانی زانکۆ هەیە؟ لەم پرسیارە سەرەکییەوە توێژەر چەند پرسیارێکی لاوەکیی داڕشتوە:

١- ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکان (کارلێک، پەیوەندی، پرۆسەی کۆمەڵایەتی)ی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەسەر خوێندکاران چییە؟

٢- ڕەنگدانەوە تەندروستییەکان (دەرونی، جەستەیی)ی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەسەر خوێندکاران چییە؟

٣- ڕەنگدانەوە ئابورییەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەسەر خوێندکاران چییە؟

٤- ڕەنگدانەوەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەسەر لایەنی زانستیی خوێندکار چییە؟

## ٢- گرنگی توێژینەوەکە

ئەو بارودۆخە تەندروستییەی کە بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە هاتە کایەوە، بوە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم جۆرە لە خوێندن لە هەرێمی کوردستان. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەڕەنگدانەوەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەسەر خوێندکاران دەبینێتەوە، بەتایبەت لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتییەکان، پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەنگدانەوەکان لەڕوی تەندروستی (جەستەیی و دەرونی) ئابوری و زانستی، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە و لە چوارچێوەی خوێندنی ئەلیکترۆنیدا دەخاتەڕو.

## ٣- ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕوی ڕەنگدانەوەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەسەر بوارە جیاوازەکانی ژیانی خوێندکارانی زانکۆ، یەکێکی تر لە ئامانجەکان خستنەڕوی فەلسەفەی خوێندنی ئەلیکترۆنی و سەرهەڵدان و گەشەسەندنی خوێندنی ئەلیکترۆنی و جۆرەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی و هۆکار و پاساوەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنییە.

## دوەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوە:

1- **ڕەنگدانەوە:** بریتییە لەو زاراوەیەی کە پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو بەپێی بەکارهێنانی دەگۆڕێت لە بابەتەکاندا بەگوێرەی سروشتی بابەتەکە و پەیوەستیی پێیەوە. (محمد، 2011: 7).

زاراوەی ڕەنگدانەوە لە فەلسەفەدا دەرکەوت و لە بنەڕەتدا جۆرێک لە بیرکردنەوەی فەلسەفی بو، کە ئامانجی تێگەیشتن و پاساودانەوەی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی بو کە پێویستی بە دەستپێکردنەوەی ئاگاییی خۆی هەیە. ئەمڕۆ هەر چۆنێک بێت، چەمکی ڕەنگدانەوە بەرفراوانتر بوە و گواستنەوەیەک بۆ سایکۆلۆجییش پەرەی پێدراوە. ڕەنگدانەوە یەکێکە لە دیاردە گرنگەکان، لە دەرونناسیدا بە ڕیفالیا ناودەبرێت. زۆرێک لە پسپۆڕەکان پێیان وایە ئەوە ڕەنگدانەوەیە وا لە مرۆڤ دەکات کە لە ئاژەڵ جیاواز بێت، مرۆڤەکان ئەو دەرفەتانە بەیەکتری دەدەن کە نەک تەنیا شتێک یان هەستێک دەربارەی یەکتر بزانن، بەڵکو فێری ئەزمونەکانی یەکتر ببن. لەمەوە دەتوانین پێناسەی ڕەنگدانەوە بکەین بەوەی کە:

لەڕوی زاراوەوە: لە تیۆری کۆمەڵایەتی و بەتایبەت لە کۆمەڵناسی مەعریفەداڕەنگدانەوە ئاماژەیە بۆپەیوەندی بازنەیی لە نێوان هۆکارو ئەنجام ، بەشێوەیەک هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەویتردەبێت.(خدر، 2022: 13).

ڕەنگدانەوە بریتییە لە بیرکردنەوە لە توانای تاک بۆ ئەوەی بەئاگایی سەرنجی خۆی لەناو خۆیدا بدات بۆ ئەوەی فەزای دەرونیی خۆی ببینێت و جەخت لەسەر ئەو شتە بکاتەوە کە لەناو خۆیدا ڕودەدات. **لە پەیوەندیی ڕەنگدانەوە بە چاودێرییەوە** پێناسە دەکرێت بەوەی بریتییە: لە بیرکردنەوە بە مانایەکی جیاوازتر، کە وا دەکات ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر ئەو شتانەی کە لە ناخدا ڕودەدەن لە هەر مرۆڤێکدا، ڕەنگدانەوە "چاودێریکردن"ێکی سادە نییە، چونکە وا دەکات دوبارە کەسەکان بیر بکەنەوە و لە ئەزمونەکان تێبگەن. **بە سەرنج خستنەسەر بکەری ڕەنگدانەوە بریتییە:** لەو پرۆسەیەی کە وا لە تاک دەکات بیرکردنەوەی قوڵتری لەبارەی ئەزمونەکانی ژیانەوە هەبێت، بە جۆرێک کە تێگەیشتنێکی ڕونی بەرانبەر هەر پێشهاتێک کە دێتە ڕێی تاک، بداتێ.

**پێناسەی ڕێکاری ڕەنگدانەوە:** بریتییە لەو بیرکردنەوانەی تاک کە لەبارەی ئەزمونەکانی ژیان و چۆنیەتیی کاردانەوەکانی بەرانبەر خودی خۆی و پێکهاتەکانی ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی و پرۆسەکانی بەریەککەوتن و کارلێککردن لەگەڵ بکەرە کۆمەڵایەتیەکانی تر.

## 2- خوێندن:

بە پێناسەی گیلفۆرد (Gelford) خوێندن (فێرکردن) بریتییە لە گۆڕینی ڕەفتار لە دەرئەنجامی بونی وروژێنەرێک، واتە وروژاندن و وەڵامدانەوە. لە بەرانبەردا پێناسەی کارمیگال (CarMegal) بۆ خوێندن (فێرکردن): بریتییە لە گەشەی وەڵامدانەوەکان و گۆڕینی بەپێی گۆڕانی وروژێنەرەکان. ثورندایک (Thorndike) وای بۆ دەچێت خوێندن (فێرکردن) بریتییە لە زنجیرەیەک گۆڕانکاری لە ڕەفتاری مرۆڤدا. (عزیز، 2018: 74). لە لایەکی ترەوە پێناسەی خوێندن (فێرکردن) پرۆسەیەکی گرنگە و بە بایەخە بۆ پەروەردەکردن کە واتای بێدارکردنەوەی هێزە متبوەکانی دەرونی تاک دێت کە توانا بە تاکەکان دەبەخشێت بۆ گونجاندنیان لەگەڵ ژینگەکەیاندا یان پرۆسەی خوێندن (فێرکردن) لە سێ میم پێکهاتوە بەپێی چەمکەکە لە زمانی عەرەبیدا کە کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن، ئەو سێ میمەش بریتین لە: (مامۆستا -معلم-، خوێندکار -متعلم-، بابەت -الموضوع) بە مەبەستی پێدانی توانای خودی بە تاکەکان بۆ کارلێککردن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتییاندا. (ناصر، 2013: 43).

**پێناسەی ڕێکاری خوێندن:** پرۆسەیەکی گشگیر و تەواوکارییە لە قۆناغەکانی تەمەنی تاکدا، لێرەدا مەبەست لە پرۆسەی خوێندنی زانکۆییە کە کار دەکاتە سەر گۆڕانی هزری، ڕەفتار و دنیابینیی تاک لەبارەی ژینگە دەرونی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و زانستییەکەیەوە.

## 3-خوێندنی ئەلیکترۆنی

**خوێندنی ئەلیکترۆنی:** بریتییە لە ڕێگایەک بۆ خوێندن. بەکارهێنانی میکانیزمەکانی پەیوەندیی هاوچەرخ لە کۆمپیوتەرێک و، تۆڕەکانی کە چەندین میدیای دەنگ و وێنە، نەخشەکێشان و میکانیزمەکانی گەڕان، کتێبخانەی ئەلیکترۆنی، هەروەها دەروازەکانی تۆڕی زانیاریی جیهانی، چ لە دورەوە و چ لە پۆلدا بە ئامانجی هەوڵ و کۆششی کەمتر و سودی زیاتر. لەلایەکی ترەوە خوێندنی ئەلیکترۆنی پێناسە دەکرێت بەوەی بریتییە لەو فێربونەی کە ئامانجی بونیادنانی ژینگەیەکی کاریگەر و دەوڵەمەندە بە بەرنامەکان لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و تۆڕی زانیاریی جیهانی، لە هەر کاتێکدا، لە هەر شوێنێکدا خوێندکاران بتوانن دەستیان بە سەرچاوەکانی فێربون بگات. لەڕوی تایبەتمەندییەوە خوێندنی ئەلیکترۆنی پێناسە دەکرێت بە دابینکردنی ناوەڕۆکی خوێندن لەگەڵ گرەنتیکردن بۆ ڕونکردنەوەی کارلێککردن و بەدواداچون بۆ بەشێک یان گشتێک لە بابەتێک لە پۆل یان لە دەرەوەی پۆل. ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامە پێشکەوتوەکانی خەزنکراو لە کۆمپیوتەر یان لە ڕێگەی تۆڕی زانیاریی جیهانییەوە. لە ڕوی هۆکارەکانی فێرکردنەوە، خوێندنی ئەلیکترۆنی سیستمێکی پەروەردەییە کە تەکنەلۆژیای زانیاری و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنێت بۆ بەهێزکردن و فراوانکردنی پرۆسەی پەروەردەییەکان لە ڕێگەی کۆمەڵە هۆکارێکەوە لەوانە: کۆمپیوتەر، تۆڕی زانیاریی جیهانی و بەرنامە ئەلکترۆنییەکان کە لەلایەن پسپۆڕانی وەزارەت یان کۆمپانیاکانەوە ئامادە کراون. (د.احمدالتهامی، موقع خاص بتكنلوجيا التعليم وتكنلوجيا العصر و البحث العلمی).

خوێندنی ئەلیکترۆنی: بریتییە لەو جۆرە خوێندنەی کەبە هۆکاری فراوانبونی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەکان هاتەکایەوە، ڕێگایەکی ئەرێنییە بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران لە پرۆسەی خوێندن، کاریگەری خستەسەر پەیوەندی نێوان خوێندکاران خۆیان و لەگەل مامۆستایان، ئەم خۆرێنە خوێندنە هەڵی بەدەسهێانی ئامانجەکان (زانستی و پەروەردەییەکان) دەدات بەشێوازێکی نویَ.(الجعيد، 2021: 87).

**پێناسەی ڕێکاری خوێندنی ئەلیکترۆنی:** بریتییە لە جۆرێکی نوێی خوێندن، کە وەک جێگرەوەیەک بۆ خوێندنی باو هاتە کایەوە، بە پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا و بۆ بەردەوامبون لە پرۆسەی خوێندندا.

## 4- خوێندکاری زانکۆ

**پێناسەی خوێندکار:** لەڕوی زمانەوانییەوە وشەی خوێندکار (الطالب) لە زمانی عەرەبیدا لە وشەی داواکارییەوە وەرگیراوە (الطلب) واتا هەوڵدان بە دوای شتێکدا تا بەدەستیبێنیت. پێناسەی (قوتابی) لە زاراوەدا، هەر کەسێکە کە بکەوێتە ناو پێگەیەکی زانستیی دیاریکراوەوە، وەکو قوتابخانە، زانکۆ، کۆلێژ،

پەیمانگا، یان سەنتەرەوە. هیواخواز بێت لەپێناو گەیشتن بە زانست و بەدەستهێنانی بڕوانامەی دان-پێدانراو لەو شوێنە تاکو دواتر بتوانێت لە ژیانی کرداریی خۆیدا بەکاریبهێنێت، بێگومان بەپێی ئەو بڕوانامەیەی بەدەستیهێناوە. (زهرة، 2017: 18). پێناسەی خوێندکاری زانکۆ ئەو کەسەیە کە لە زانکۆیەک بەپێی یاسا و ڕێسای زانکۆکە (شوێنەکە) بەردەوام دەبێت لە خوێندن لە پسپۆڕییەکی دیاریکراو و لە کۆلێژێکی دیاریکراو، بە ئامانجی بڕینی قۆناغێکی پەروەردەی زانستی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کە پێیدەوترێت خوێندنی باڵا کە ئەمەش دوایین قۆناغە لە قۆناغەکانی خوێندنی پرۆگرامی (عفاف، 2020: 16-17). لەڕوی تەمەنەوە خوێندکاری زانکۆ کەسێکی گەشەکردوە و لە مەودایەکی دیاریکراوی تەمەنیدایە. زۆربەی بۆچونەکان لەو باوەڕەدان تێپەڕاندنی قۆناغی هەرزەکارییە بۆ قۆناغی گەنجی کە لە نێوان ١٨ بۆ ٢٢ ساڵیدایە.

**پێناسەی ڕێکاری خوێندکاری زانکۆ:** کەسێکە کە قۆناغی ئامادەیی بڕیوە و چوەتە زانکۆ بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی باوەڕپێکراو لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا بە مەبەستی وەرگرتنی پسپۆڕییەک لە بابەتێکی دیاریکراودا بۆ ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەوییەکانی لە ژیانی واقیعیدا.

## تەوەری دوەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە.

### یەکەم: فەلسەفەی خوێندنی ئەلیکترۆنی:

هەر سیستمێک فۆڕم و جۆر و سروشتی هەرچییەک بێت، چ پەروەردەیی بێت یان ناپەروەردەیی، فەلسەفەی تایبەت بەخۆیی هەیە و هەر فەلسەفەیەکیش بنەما و بناغەی خۆیی هەیە کە لێیەوە دەڕوانێتە شتە ئامانجدارەکانی ژیان، جا چ چەمکێکی فیزیکی بێت، یان دەرونی یان کۆمەڵایەتی. خوێندنی ئەلیکترۆنی فەلسەفەی تایبەتی خۆیی هەیە کە لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای پەروەردەیی دامەزراوە کە وا لە خوێندکار دەکات پشت بە خۆی ببەستێت کە ئەمەش گەشەکردنی بنەماکانی تاکگەراییە لە پەروەردەدا. فەلسەفەی خوێندنی ئەلیکترۆنی تەنیا لەسەر بنەمای زانستی دانەمەزراوە، بەڵکو ئامانجی تاکگەراییە لە پەروەردە و خوێندندا، کە هاوتایە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی هەر خوێندکارێکدا کە بە واتای تاکگەرایی و کارتێکردن و ئازادی و خێراییی فێربونی خوێندکار دێت بە ئامانجی گەیشتن بە کامڵبون لە ئەنجامدا. خوێندنی ئەلیکترۆنی تەنها خوێندنێک نییە لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی ئەلیکترۆنی ماددە زانستییەکان، بەڵکو خوێندنێکە کە بنەمای زانستیی هەیە، یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی جۆری کەناڵی پەیوەندیکردن لە نێوان مامۆستایان و خوێندکاراندا لە بارودۆخی پەیوەندیی پەروەردەییدا. لەسەر ئەم بنەمایە جۆن دیوی دەڵێت: "پرۆسەی پەیوەندیکردن بریتییە لە هاوبەشیکردنی ئەزمون لە نێوان هەردو لایەنی پەیوەندییەکەدا." (فلسفة التعـليم

الإلكتـــروني 2011) هەروەها فەلسەفەی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە چەند بنەمایەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە گرنگترینیان بریتین لە:

1- بەردەوامیی خوێندن و خۆپەروەردەکردن کە پەیوەستە بە توانا و ئامادەکارییەکانی تاکەکانەوە.

2- نەرمی لە ڕەخساندنی هەلی خوێندن بۆ خوێندکاران و گواستنەوەی زانیاری بۆیان و کارلێککردن لەگەڵیان بەبێ گوێدانە کات و شوێن.

3- جیاوازیی تاکەکەسی لە نێوان خوێندکاراندا لە ڕێگەی ئەو دەرفەتانەی کە لە بەردەستدان و مافی تاک بۆ فێربونی تەواو لە ژیاندا بەپێی هەلومەرج و تواناکانی.

4- دیموکراسیی خوێندن و هەلی یەکسان لە نێوان خوێندکاراندا بەبێ جیاوازی، بەهۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابوری و هەلومەرجی دیکەوە.

5- فێربونی ڕاستەوخۆ کە ڕێگە بە ئاڵوگۆڕی ئەزمونەکان دەدات لە نێوان فێرخوازان و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان بۆ ئەوەی هەمو خوێندکاران سودمەندبن لە یەکتری. فەلسەفەی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەسەر بنەمای بەردەستخستنی خوێندن بۆ هەمو تاکەکانە بە مەرجێک بتوانن تواناکانیان بەکاربهێنن لە پەروەردەدا، ئەمەیش دەبێتە هۆی گەیشتن بە پرەنسیپی هەلی خوێندنی یەکسان لە نێوان هەمو خوێندکاراندا، هەروەها دەرفەت بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لەڕوی جوگرافییەوە دورن و لە ناوچە دورەکاندا دەژین کە بارودۆخەکانیان ناتوانن گەشت بکەن یان بچنە ناو کەمپەکەوە. زانکۆی تەقلیدی، هەروەها چارەسەری کێشەی خوێندکارانی کەمئەندامی جەستەیی دەکات بە بەدەستهێنانی دەرفەتی خوێندن لە کاتێکدا لە شوێنی خۆیانن. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم سیستمە پێشکەشی دەکات بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران بۆ پێشکەوتن لە خوێندندا هەر یەکەیان بە جیا، بەپێی تواناکانی خۆیان. فێربونی ئەلیکترۆنی پەیوەندیی بە زیندوکردنەوەی بارودۆخی پەروەردەییەوە هەیە و لەسەر بنەمای ژینگەیەکی ئامادە بۆ گەشەکردن و پەروەردە بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران تا لە زانیارییەکان تێبگەن، وەک کەسێکی پیشەیی لەو جیهانەی کە تێیدا دەژین. دەبێت مامەڵە لەگەڵ هەمەجۆریی زانیاری و دژایەتییەکانیدا بکرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی دەرفەتێک بۆ تێگەیشتن لە خوێندکاران و گۆڕینی تێڕوانینی بۆ زانیاری.

خێرایی گۆڕانکاریی تەکنەلۆژی وا دەکات خوێندکار بە دوای ڕێگەی جۆراوجۆردا بگەڕێت بۆ بەکارهێنانی زانیارییەکان و دیاریکردنی تواناکانی بەکارهێنان لە زانیارییەکان و کۆنترۆڵکردنی و بەرپرسیارێتییەکانی لە ئەستۆ بگرێت، وەک چۆن خوێندکار هەست دەکات کە تەنها بەرپرسیار نییە لە خۆی، بەڵکو بەرپرسیارە لە بەرانبەر ئەوانی دیکەیشدا، چونکە تاکێکە لە کۆمەڵگەدا. خوێندنی ئەلیکترۆنی لەسەر بنەمای ڕێنماییکردنی

خوێندکاران بۆ ئەزمونە جۆراوجۆرەکان لە جیهانێکی دیموکراسیی زانیاریدا، بە بەکارهێنانی ڕێکخستنی ئەلیکترۆنی بۆ پۆلەکان و ئامادەکردنی ستافی وانەوتنەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئامێرە تەکنەلۆژییەکان و بەکارهێنانی ئامرازە پەروەردەییەکان بە چالاکی و ستراتیژییە جیاوازەکانەوە بۆ وانەوتنەوە دیارییکرێن. (عامر 2014: 39)

## دوەم: سەرهەڵدان و گەشەسەندنی خوێندنی ئەلیکترۆنی

خوێندنی ئەلیکترۆنی بەپێی سەرچاوەکان سەرەتا و سەرهەڵدانی بۆ چەند قۆناغێکی جیاواز دەگەڕێتەوە کە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بۆ دو یان سێ قۆناغ دابەش کراوە، هەروەها بە گێڕانەوەی تایلۆر، کە قۆناغەکانی گەشەسەندنی فێربونی ئەلیکترۆنی لە نەوەکانی خوارەوەدا دەستنیشان کردوە:

- نەوەی یەکەم: نەوەی نامەنوسی و پشت بە گواستنەوەی زانیاریی چاپکراو دەبەستێت بۆ فێرخوازان.
- نەوەی دوەم: نەوەی مالتیمیدیا کە کەرەستەی چاپ و دەنگی و نەرمەکاڵای کۆمپیوتەر و ڤیدیۆی کارلێککەر بەکاردەهێنێت.
- نەوەی سێیەم: نەوەی خوێندنی دور کە پشت بە تەکنەلۆژیای زانیاری دەبەستێت وەک کۆنفرانسی دەنگی و ڤیدیۆیی، سیستەمی پەیوەندیکردن و پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی.
- نەوەی چوارەم: نەوەی پشتبەستن بە ئینتەرنێت.
- دەشڵێن نەوەی پێنجەم: نەوەی زانکۆ مەجازییەکانە. (الشهراني 2009: 12-13).

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە زانستییەکان، سەرهەڵدان و گەشەکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنیی بۆ سێ قۆناغ دابەشکردوە بەپێی قۆناغە مێژوییەکان، وەک ئاشکرایە خوێندنی ئەلیکترۆنی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوت کە بە شێوازی (المراسله) نامەنوسین بو، لە ساڵی (1873)دا هەوڵێک بو لەلایەن کەنیسەکانەوە بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندن لە نێو ئەمەریکاییەکاندا، ئەم جۆرە خوێندنە یارمەتیی ئەو فێرخوازانەی دەدا کە نەیاندەتوانی بەشداری ڕاستەوخۆی خوێندن بکەن لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا، وانە و ئەرکەکان و پلانی خوێندن بە شێوەی نامە بۆ خوێندکار دەنێررا، هەروەها لە ساڵی (1883)دا زانکۆیەک لە نیویۆرک دەرفەتی بە خوێندکارەکانی دا کە بڕوانامە بە شێوازی خوێندنی ئەلیکترۆنی بەدەستبهێنن، پاشان نۆ ساڵ دواتر و لە ساڵی (1892)دا خوێندنی ئەلیکترۆنی لە زانکۆی شیکاگۆ دامەزرا. (History of e-Learning)

**قۆناغی یەکەم:**

ئەم قۆناغە لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا دەستیپێکرد. خوێندن لەسەر (CD) بو؛ کارلێک تاکەکەسی بو لەنێوان خوێندکار و مامۆستادا. (Bouchrika, 2022). دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغە سەرەتاییترین قۆناغی خوێندنی ئەلیکترۆنی بو.

**قۆناغی دوەم ساڵی (1993- 2000):**

ئەم قۆناغە بە قۆناغی سەرهەڵدان و هاتنی هێڵی ئینتەرنێت ناسراوە، بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا. سەرهەڵدانی ئیمێڵ و بەرنامە ئەلیکترۆنییەکان، بونە هۆکارێکی کاریگەر بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئەلیکترۆنیات. لە ساڵی (1994)دا سیستمی خوێندنی لۆتۆس بۆ بەڕێوەبردنی پۆلی مەجازی ئەلیکترۆنی (LMS) دروستکرا. لە ساڵی (1994)دا زانکۆی مەجازی و قوتابخانەی مەجازی (VSS) دامەزرا کە خوێندکاران دەیانتوانی لە ماڵەوە بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و مۆدیۆم، بەشداری لە وانەکاندا بکەن. خوێندکاران توانای بەشداریکردنیان لە گفتوگۆ و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی گوێگرتن لە وانەکان و پرسیارکردنیان هەبوە، دواتر و لە ساڵی (1995)دا وێبێک لەلایەن گۆڵدبێرگ مۆرایەوە دیزاین کرا، ئامانجی ئەوە بو زۆرترین خوێندنی ئەلیکترۆنی بەدەستبهێنێت لە بواری سیستمی خوێندنی ئەلیکترۆنیدا کە لەلایەن زیاتر لە (148 هەزار) ئەندامی فاکەڵتی و (1800) کۆلێژ و زیاتر لە (5 ملیۆن و80) خوێندکار بەکارهێنراوە، کە بە (10) زمانی سەرەکی بەردەستە و، دواتر پەرەپێدرا بۆ سیستمی بەڕێوەبردنی کۆرسی (CMS).

لە ساڵی (1995) (CAL Campus) یەکەم کەس بو کە چەمکی قوتابخانەی بە تەواوی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەرەپێدا و جێبەجێیکرد. لە ساڵی (1996)دا بیل کلینتۆن، سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا، لە دەستپێشخەرییەکدا داوای کرد هەمو قوتابخانەکان لە ئەمەریکا ببەسترێنەوە بە هێڵی ئینتەرنێتەوە تا ساڵی (2000). لە ناوەڕاستی ساڵی (1997)دا (Course info) لەلایەن دان کەین و ستیڤنەوە دامەزرا. تۆڕی سیستمی کارلێک (ILN)ی کە یەکەیەکی سیستمی خوێندنی ئەلیکترۆنییە، بڵاوکردەوە. چەندین دامەزراوەی ئەکادیمی دامەزران، لەوانە زانکۆی کۆرنیلو وێیڵ و قوتابخانەی پزیشکی زانکۆی پترسبۆرگ بون، هەر لە هەمان ساڵدا ئەم جۆرە خوێندنە لە زانکۆکانی سکۆتلەندا پەرەی پێدرا. لە ساڵی (1997) بەریتانیا سیستمی ناتان بۆدینگتۆنی لە زانکۆی لیدز دامەزراند، کە ئامانج لێی بەکارهێنانی ئەم سیستمە بو لەلایەن خوێندکارانەوە، بەڵام دواتر لەلایەن مامۆستایانەوە بەکارهێنرا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پەرەپێدانی شێوازەکانی وانەوتنەوەوە لەسەر بنەمای مادیۆلی (TLTP BIONET) کە ئەم پرۆگرامە تەنها بۆ کۆرسەکان بەکاردەهێنرێت. لە ساڵی (1998) ئەندازیار مارتن دوجیماس لە زانکۆی کۆرتین پێرس دەستی

کرد بە بیرکردنەوە لە دامەزراندنی (مۆدڵ) کە سیستمێکی خوێندنی ئەلیکترۆنیی سەرچاوە کراوەیە، کە بە سیستمی بەڕێوەبردنی پۆل ناسراوە، پشتگیریی زیاتر لە (70) زمان دەکات لە (211) وڵاتدا. لە ساڵی (1999) دەست کرا بە بەکارهێنانی مودڵ بۆ باشترکردن و زیادکردنی ئامرازەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی وەک سیستمی بەڕێوەبردنی کۆرسەکان، مۆدڵ بە یەکێک لە (10) سایتە سەرەکییەکان دادەنرێت لە ڕوی بەکارهێنانیەوە لە دوای زانکۆی کراوە. لە ساڵی (2000)دا پڕۆژەی کلارۆین لە زانکۆی کاسۆلیکی لۆڤان (بەلجیکا) لەلایەن دیتۆماسەوە دامەزرا کە لەلایەن دامەزراوەی لۆڤانەوە پاڵپشتیی دارایی کرا. (Bouchrika, 2022). لەم قۆناغەدا گۆڕانکاریی زۆر بەسەر هەمو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا هات، بە هۆکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، خوێندنیش یەکێک بو لەو لایەنانەی کە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەرداهات لە ڕوی شێواز و ئامراز و جۆر و ناوەڕۆک و دیزاینیەوە کە بە تەواوی ڕەنگدانەوەی ئەم قۆناغەی پێوەدیاربو، بەتایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتو و پیشەسازییەکاندا.

### **قۆناغی سێیەم ساڵی (2001 و دواتر):**

ئەم قۆناغە لەگەڵ هاتنی نەوەی دوەمی ئینتەرنێتدا دەستیپێکرد کە تێیدا دیزاینیماڵپەڕەکان لەسەر تۆڕەکان پێشکەوتوتر بو. تایبەتمەندیی بەهێزیان هەبو لە ڕوی خێرایی و چڕی و ناوەرۆکەوە کە تەکنەلۆژیا زیاتر تێکەڵی ژیانی تایبەتی و پیشەیی تاکەکانی کۆمەڵگا بو، کە ئەمەش بوە هۆی خێراتر گەیاندن و وەرگرتنی زانیاری و بەدەستهێنانی کارامەیی لە نێوان خوێندکار و مامۆستادا، لە نێوان خوێندکار و دامەزراوەی خوێندن، مامۆستا و دامەزراوەی خوێندن (Bouchrika, 2022). لە عێراق و بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای هاتنی پەتای کۆرۆنا (COVID-19) لە ساڵی (2019)دا. پەیڕەوکردن لە سیستمی خوێندنی ئەلیکترۆنی بوە مەرجی بەردەوامیی خوێندن لە سەرجەم قوتابخانە و زانکۆکاندا لەپێناو پاراستنی تەندروستیی تاکەکانی کۆمەڵگە، کە ئەم پەتایە بوە مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیانی تاکەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین پەیڕەوکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی و شێوازەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستاندا لەدوای هاتنی پەتای کۆرۆناوە بو. ئەوەی ئەم قۆناغە جیادەکاتەوە لە قۆناغەکانی تر ئەوەیە کە خوێندن بە شێوازی ئەلیکترۆنی بەجۆرەکانیەوە بوە پێداویستییەکی هەنوکەیی لەسەرجەم وڵاتانی جیهان و کوردستانیش، لەپێناو پاراستنی تەندروستیی گشتیدا، کە بێگومان ئەمەش لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی بە تێپەڕبونی کات زیاتر دەردەکەوێت، قۆناغێک بو کە گرنگی و پێویستیی جۆرێکی دیکەی خوێندنی خستەڕو.

## سێیەم: هۆکار و پاساوەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی (مبررات التعليم الالكتروني)

زۆر هۆکار و پاساو لە دنیای ئەمڕۆماندا هەن کە بونەتە هۆکاری سەرهەڵدانی خوێندنی ئەلیکترۆنی وەک جۆرێکی نوێی خوێندن هاتونەتە کایەوە. بە هۆکاری ئەو تەقینەوە گەورە مەعریفییەی کە بە هۆکاری بڵاوبونەوەی تەکنەلۆژیا لە سەرجەم لایەنە جیاوازەکانی ژیان هاتە ئاراوە. پێویستی و خێرایی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان لە لایەک، لە لایەکی دیکەیشەوە زۆربونی ژمارەی خوێندکاران و زەحمەتی دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنی باو وەک بینا و کەرەستەکانی فێرکردن، هەروەها خوێندنی ئەلیکترۆنی پاڵپشتی خوێندنی باو دەکات لە ڕوی سەرچاوە و زانیاریی جۆراوجۆرەوە، ئاسانکاری بۆ ئەو خوێندکارانە کردوە کە بە هۆکارێک لە هۆکارەکان خوێندنی ئاساییان وازلێهێناوە. ئەم جۆرە خوێندنە لە ڕێگەی گونجاندنی کاتی کارکردن و کاتی وانەخوێندنەوە قەرەبویان بۆ دەکاتەوە. (العيسى, 2022).

خوێندنی ئەلیکترۆنی، بیرکردنەوەی لۆژیکی باشتر دەکات و پەرەییپێدەدات، جگە لە پاشەکەوتکردنی کات بۆ خوێندکاران و مامۆستایان، بەتایبەتی لە خوێندنی ئەلیکترۆنیی ناڕاستەوخۆدا، هەروەها توانای پاراستنی زانیارییەکانی هەیە کە خوێندکار هەر کات ویستی، دەتوانێت پچێتەوە سەریان، پێدانی زانیارییەکان بە خوێندکار بە شێوازی جۆراوجۆر، ئەمە لە کاتێکدا لە خوێندنی باودا ئامرازەکانی فێرکردن سنوردارن. زیادبونی ژمارەی دانیشتوان لە ئەنجامدا بوەتە هۆکاری زیادبونی خواستی کۆمەڵایەتی لەسەر پرۆسەی خوێندن. بەرەوپێشچونی گەورەی زانستی کاری کردە سەر جۆر و کوالیتیی خوێندن و ئامادەکردنی خوێندکاران بەپێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە. لەبەرچاونەگرتنی جیاوازیی تاکەکەسیی خوێندکاران لە خوێندنی تەقلیدیدا، مامۆستا پابەندە بە تەواوکردنی مەنهەجێکی دیاریکراوی تایبەت بە ساڵی خوێندن، ئەمەیش پێویستی بە جۆرێکی نوێی خوێندن بو تاکو پاڵپشتی لە خوێندنی باو بکات بۆ کەمکردنەوەی ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی خوێندنی باو.(الدفاعي, 2010).

زیادبونی خواست لەسەر زانست و زانیاری، زانین بنەمایەکە بۆ وەبەرهێنان لە مرۆڤەکاندا، پەرەپێدانی تواناکانیان تاکو بتوانن باشترین ئەنجام بەدەستبهێنن لە سەرجەم لایەنەکانی ژیاندا، فرەیی سەرچاوەکان لە ئەنجامی بەکارهێنانی سایتە جیاوازەکان لە ئینتەرنێتدا، نەرمینواندن یەکێکی دیکەیە لەو پاساوانەی کە بو بە هۆکار بۆ سەرهەڵدان و بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی، چونکە دەتوانرێت بە خێرایی و بە ئاسانی دەستکاری ناوەرۆکی مەنهەجەکان بکرێت، نوێ بکرێنەوە بەبێ تێچونی زیادە، بە بەردەوامی فێربون، بەبێ پچڕان و لە ئاستێکی بەرزی کوالێتیدا. (المألف غير معروف2012).

لەلایەنی دەرونییەوە هەستی یەکسانی لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا سەر هەڵدەدات، چونکە دەرفەتێکی تەواو بۆ خوێندکار دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی بیروبۆچونەکانی خۆی لەسەر بابەتە مەنهەجییەکان باس بکات، ئەم تایبەتمەندییە یارمەتیی ئەو خوێندکارانە دەدات کە هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن، وایان لێ دەکات بوێریی دەربڕینی بیرۆکەکانیان هەبێت، زیاتر لەوەی کە لە پۆلدایە، جگە لە ئاسانیی دەستڕاگەیشتن بە مامۆستا، بارگرانیی کارگێڕیی مامۆستایانیش کەم دەکاتەوە. (العيسى, 2022).

ئەمانە پاساوەکان بون بۆ هاتنەکایەی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە جیهاندا بەگشتی. لە هەرێمی کوردستاندا هۆکاری سەرهەڵدانی خوێندنی ئەلیکترۆنی بۆ بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەگەڕێتەوە. لە ساڵی (2019)دا وەک بەدیلێک و چارەسەرێکی ئیمێرجینسی هاتە کایەوە بۆ بەڕێکردن و پەکنەکەوتنی پرۆسەی خوێندن، لە سەرجەم دامەزراوە پەروەردەییەکان و خوێندنی باڵادا. تا ئێستایش لە هەندێک لە بەشەکانی زانکۆی سلێمانیدا لەپاڵ خوێندنی ناو کەمپدا، خوێندنی ئەلیکترۆنیی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنرێت.

پاساوەکان بۆ سەرهەڵدانی خوێندنی ئەلیکترۆنی هەرچییەک بن، نابێت گرنگی و پێویستیی ئەم جۆرە خوێندنە بۆ دنیای پێشکەوتوی ئەمڕۆ لەبەرچاونەگیرێت. دەکرێت بکرێتە پاڵپشتێکی گرنگ بۆ خوێندنی باو لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە زانستی و پەروەردەییەکان لە دامەزراوەکانی خوێندندا.

## چوارەم: شێوازەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی بەپێی پرۆسەکان

توێژینەوەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە دەتوانرێت جۆرەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی بەپێی کاتی ڕودانیان دابەش بکرێن بۆ سێ جۆر:

### 1- فێربونی ئەلیکترۆنی ڕاستەوخۆ:

بریتییە لە فێربونی ئەلیکترۆنی کە مامۆستا لە هەمان کاتدا لەگەڵ فێرخوازەکاندا کۆدەبێتەوە، بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا پەیوەندییان لەگەڵ دەق، دەنگ، یان ڤیدیۆدا هەبێت. (المحيا 2011: 24)

فێربونی ئەلیکترۆنیی ڕاستەوخۆ: بە مانای پاڵپشتی ڕاستەوخۆ لە شێوەی مەکۆ، چات، بۆردی ئەلیکترۆنی، ئیمەیڵ یان پشتگیری دێت لە ڕێگەی ناردنی نامەی خێرای ڕاستەوخۆ، کە کارلێکارانەترە لە داتابەیسەکانی زانیاری، پشتگیری وەڵامی دەستبەجێی پرسیارەکانی خوێندکاران دەکات و یەکێک لە سودەکانی وەرگرتنی فیدباکێکی ڕاستەوخۆیە بۆ خوێندنەکەی لە هەمان کاتدا. (محمدالخزرجی & علي 2018: 255).

خوێندنی ئەلیکترۆنیی ڕاستەوخۆ؛ پێویستە خوێندکاران لە هەمان کاتدا ڕاستەوخۆ لە بەردەم کۆمپیوتەرەکانیاندا ئامادەبن لە وانەکاندا بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەنێوان خوێندکاران خۆیاندا و لە نێوان مامۆستا و خوێندکاراندا لە ڕێگەی ژوری گفتوگۆوە بۆ وەرگرتنی وانەکان لە پۆلی ئەلیکترۆنیدا، لە باشییەکانی ئەم جۆرە خوێندنە ئەوەیە کە خوێندکار ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ فیدباک وەردەگرێت و تێچونەکان کەم دەکاتەوە. خوێندکار خۆی لە چون بۆ شوێنی خوێندنەکە بەدوردەگرێت، لەزیانەکانی ئەم خوێندنە پێویستی بە ئامێری مۆدێرن و تۆڕێکی پەیوەندیکردنی باش هەیە.

ئاڵۆزترین جۆری خوێندنی ئەلیکترۆنییە کە مامۆستا و خوێندکار لە یەک کاتدا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کۆ دەبنەوە، ڕێگە بە خوێندکار دەدات ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مامۆستا و خوێندکارانی ترەوە بکات. گرنگترین ئامێرەکانی ئەم خوێندنە ئەمانەن: (مۆبایلە زیرەکەکان smart phone، تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و کۆمپیوتەری کەسی، کە لەوانەیە کامێرای تێدا بێت یان تێیدا نەبێت، هەروەها لاپتۆپ و تابلێت).

## 2- خوێندنی ئەلیکترۆنیی ناڕاستەوخۆ:

خوێندکار (وەرگر) لەلایەکی ترەوە دەتوانن لە کاتێکی دواتردا کەرەستە وەربگرن یان بەدەستیبهێنن: (واتە لە هەمان کاتدا نەبێت). دوبارە لێکۆڵینەوە لە ماددەکە و ئاماژەدان پێی بە شێوەی ئەلیکترۆنی، بەپێی پێویست. یەکێک لە زیانەکانی بێتوانایی فێرخوازە لە وەرگرتنی فیدباکێکی دەستبەجێ لە مامۆستا. ئامرازەکانی فێربونی ئەلیکترۆنیی ناڕاستەوخۆ؛ ئەم ئامرازانە ڕێگە بە خوێندکار دەدەن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ خوێندکارانی تر و مامۆستادا بگرێت، واتە پێویستیان بە بونی خوێندکار و مامۆستا لەسەر تۆڕەکە نییە پێکەوە لە کاتی پەیوەندیکردندا.

## 3- خوێندنی ئەلیکترۆنیی تێکەڵاو:

کۆمەڵێک میدیا لەخۆدەگرێت کە بۆ تەواوکەری یەکتر داڕێژراون و بەرنامەی فێربونی تێکەڵاو دەتوانێت چەندین ئامرازی فێربون لەخۆبگرێت، لەسەر بنەمای ئۆنلاین و ئۆفلاین، سیستمی پشتگیری ئەدای ئەلیکترۆنی و سیستمی بەڕێوەبردنی خوێندن، هەروەها خوێندنی تێکەڵاو چەند بنەمایەک بە چالاکییەکان تێکەڵ دەکات کە لە خوێندنی پۆلی باودا هەیە، کە تێیدا مامۆستا لەگەڵ خوێندکاران ڕوبەڕو کۆدەبێتەوە بۆ وانەخوێندن، خوێندن تێیدا تێکەڵەیەکە لە خوێندنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ (ئۆنلاین و ئۆفلاین). (فاطمة، 2022: 129-142).

## پێنجەم: ڕەنگدانەوەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی

خوێندن یەکێکە لە پڕۆسە گرنگ و بەردەوامەکان لە ژیانی مرۆڤەکاندا. بێگومان ئەم پڕۆسەیە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر چۆنیەتیی ئاراستەکردنی ژیانی مرۆڤ، چ لەسەر ئاستی تاکەکەسی، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، ئابوری و دەرونی لە ئاستی کۆمەڵگەدا، چونکە بە تەنها پڕۆسەی وەرگرتنی زانست و زانیاری نییە لە لای خوێندکار، بەڵکو پڕۆسەیەکی گشتگیرە لە سەرجەم لایەنەکانی ژیاندا، بە جۆرێک کە ئاراستەی تاک و کۆمەڵگاکان دیاری دەکات لە ڕادەی بەرەوپێشچون و دواکەوتن.

خوێندن لێرەدا مەبەست لێی هەردو پڕۆسەی فێربون و فێرکردنە کە پڕۆسەکان لێکجیاوازن، بەڵام هەردوکیان ئەگەر لە ئامانجەکانیاندا وەک یەک نەبن، لێکەوە نزیکن، کە ئەویش گۆڕانکارییە لە تاکدا لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە، تەنها پڕۆسەی وەرگرتنی زانست نییە لە قۆناغە جیاجیاکاندا، بەڵکو پێگەیاندنی تاکە لە هەمو لایەنەکانەوە (ئابوری، سیاسی، دەرونی و کۆمەڵایەتی،) کە هەر یەکێک لەم لایەنانە یارمەتیی خوێندکار دەدەن لە چۆنیەتی کامڵبونی کەسایەتیدا بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن، هەروەها پەروەردە ڕۆڵی سەرەکی لە پڕۆسەی خوێندندا دەگێڕێت، بە جۆرێک لە قۆناغەکانی دواتردا بەتەواوەتی ڕەنگدانەوەکانی دەبینرێت، هەم لەسەر ئاستی تاک خۆی و هەم ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسانی چواردەوری بەپێی ئەو ڕۆڵ و پێگە ئابوری و دەرونی و کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی.

توێژەر بە پشتبەستن بە سەرچاوە زانستییەکان هەوڵ دەدات هەریەکە لە ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئابورییەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەسەر خوێندکاران بخاتەڕو، خوێندنی ئەلیکترۆنی وەک ڕێبازێکی نوێی خوێندن هاتە کایەوە بە هۆکارێکی دیاریکراو کە (پەتای کۆرۆنا) بو.

خوێندنی ئەلیکترۆنی واتە پڕۆسەی فێربون و وەرگرتنی زانیاری لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای مالتیمیدیا، بە دابڕان لە دو مەرجی کات و شوێن ڕودەدات، پەیوەندیی نێوان خوێندکار و مامۆستا لە ڕێگەی چەندین ئامرازی پەیوەندییەوە دەبێت و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، بە لەبەرچاوگرتنی تواناکانی خوێندکار. (أحمد، 2012: 4-5)

### 1- ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکان:

کاتێک باس لەلایەنی کۆمەڵایەتی دەکەین، نابێت گرنگی ئەم سێ چەمکە لە بەرچاو نەگرین: (پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، کارلێکی کۆمەڵایەتی، پڕۆسە کۆمەڵایەتییەکان.) پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەر چەشنە پەیوەندی یاخود کارلێکێکە کە لە نێوان دو کەس یان زیاتردا ڕودەدات لەپێناو تێرکردنی پێداویستییەکانی ئەو تاکانەدا

کە ئەم چەشنە پەیوەندییە پێک دەهێنن، وەک پەیوەندیی فرۆشیار بە کڕیارەوە، پەیوەندیی خوێندکار بە مامۆستاوە، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پێویستی بە بونی ئەم سێ مەرجەوە هەیە:

1- بونی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی ئەو تاکانە دەیگێڕن کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکە پێکدەهێنن.

2- بونی کۆمەڵێک سیمبوڵی ڕەفتاری و گوفتاری و زمانەوانی کە لەلایەنەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکە بەکاریاندەهێنن.

3- بونی ئامانج یان مەبەستێک کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکە هەوڵی تێرکردنی دەدات و سەر ڕاست بون پابەندبوەکانی.

جۆرج زیمیل دەڵێت: پرۆسەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆمەڵێک دیاردە و پرۆسەی مرۆیی کە بەرپرسن لە بەها ڕەفتارییەکان لە بونیادنانی مرۆڤ و کۆمەڵگە، نمونەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان (هاوکاری، ململانێ، کێبەرکێ، ڕێککەوتن و...هتد) (ئەلحەسەن، أ، 2012: 113، 590). هەروەها کارلێکی کۆمەڵایەتی لە چەمکە هەرە بەربڵاوەکانی دەرونزانیی کۆمەڵایەتییە کە بناغەیە بۆ توێژینەوە لە خودی دەرونزانیی کۆمەڵایەتی، کە لە لای خۆیەوە لە چۆنیەتیی کارلێکی تاکەکان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ژینگە جۆراوجۆرەکانیاندا دەکۆڵێتەوە، سەرەڕای هەمو ئەو ئەنجامانەی کە لەو کارلێکە دەکەونەوە وەک پێکهاتنی بەها و عورف و عادەت و بۆچونەکان. (حوسێن 2013: 20)

کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەم سێ توخمە (چالاکی، کارلێک، سۆز) و ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێوانیاندا سەر هەڵدەدەن، ئەوەیە کە بە سیستەمی کۆمەڵایەتی ناسراون، سەبارەت بە دیاردەکانی دیکەش بەشێکن لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ جیاوازی دەکات لە نێوان کەرتی دەرەکی و ناوەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا. سیستەمی دەرەکی بریتییە لە دۆخی چالاکییەکان، کارلێکەکان، هەستەکان و پەیوەندییەکانی نێوان هەمویان، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم حاڵەتە بەشدارە لە چارەسەرکردنی کێشەی مانەوەی گروپەکە لە ژینگەکەیدا. (نیقولاتیماشیف 1983: 379) دەکرێت لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، سیما ڕاستەقینەکانی تێبگەین و ڕاڤەی بکەین لە ڕێگای ڕوانین لەو کارلێکانەی کە لە نێوان تاکەکاندا ڕو دەدەن. (حەسەن،ب، 2012: 78)، و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکان هەر یەکێکیان ئامادەییان لە پرۆسەی خوێندندا هەیە، تێرنەر پێیوایە کۆمەڵگە چەند جۆرە کارلێکێک دێنێتە ئاراوە کە جەخت دەکەنە سەر جیاوازیی ڕۆڵەکان (مەحمود، 2014: 37) و ئەم کارلێکانە بەپێی ڕۆڵی هەریەکە لە خوێندکار و مامۆستا لە پرۆسەی خوێندندا دەگۆڕێت.

زیمیڵ دەڵێت: کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەنجامی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتییە، پێیوایە کۆمەڵگە چەندین بارودۆخ و هەلومەرجی ناوخۆی خۆیی هەیە وا لە تاکەکان دەکات کار بکەن، هەروەک پێشبینیی بۆ دەکەن.

لە هەمان کاتدا جەخت لەوە دەکاتەوە هەریەک لە ئێمە لەوەی تر جیاوازە، وای دەبینێت ژیانی کۆمەڵایەتی جێگیر و گۆڕاوە، لە لایەک جێگیرە، چونکە خەڵک شێوازە باوە چاوەڕوانکراوەکان دوبارەدەکەنەوە و بەرهەمی دەهێننەوە، لە لایەکی تریشەوە گۆڕاوە، چونکە کاردەکەن بۆ گۆڕینی ئەو ژیانە ڕۆتینییەی کە سەقامگیریی وەرگرتوە. (الغزوي و ئەوانیتر 2018: 124). مەبەست لە کارلێک لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا، کارلێکە لە نێوان خوێندکار و سیستمی ئەلیکترۆنی و مامۆستادا. (عثمان، 2009: 25).

خوێندنی ئەلیکترۆنی لە وڵاتی ئێمەدا لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، ڕەنگدانەوەی هەبوە، لەبەر ئەوەی وڵاتێک نییە سەرتاپاگیر بێت لە تەکنەلۆژیا، هەمو کەسێک هەلی نییە بۆ ئینتەرنێت، ئەمە بو بە بارگرانییەکی زۆر لەسەر شانی زۆرێک لە خوێندکاران و، ئەمەیش کێشەی خێزانی لێ دەکەوتەوە. بۆ نمونە (خوێندکارمان هەبوە، پەیوەندیی پێوە کردوین، گوتویەتی من لە شوێنێکی دورەدەست دەژیم. دەستم بە ئینەنتەرنێت ناگات. ئەم بابەتە زۆر بوەتە کێشە لە خێزانەکەمدا و باوکم دەڵێت هەتا شوێنێکی نزیک دەتوانم بتبەم.) واتە لە خێزانەکاندا کێشەی نابوەوە، یان ئەو کێشانەی کە پێشتر هەیانبو، زەق بوبونەوە، بە تایبەت لە خێزانە کەمدەرامەتەکاندا. (صالح, 2022). لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە ئەم جۆرە خوێندنە کاری کردە سەر پەیوەندیی نێوان خوێندکاران خۆیان و هەروەها پەیوەندیی نێوان خوێندکاران و مامۆستایان، بە جۆرێک کە شێوازی پەیوەندیکردنی گۆڕی لە نێوانیاندا. پەیوەندییەکان لە شێوازی ڕاستەوخۆ و بەرجەستەوە گۆڕان بۆ پەیوەندیی ناڕاستەوخۆ و ئەلیکترۆنی لە واقیعێکی مەجازیدا، جگە لە کەمبونەوەی کارلێکی نێوان خوێندکاران و نێوان مامۆستایان بە جۆرێک کارلێککردن هێواش و لەسەرخۆ بو، لە هەندێک کاتدا کارلێکی کۆمەڵایەتی هەر ڕوی نەدەدا، هاوکاری و خۆگونجاندن لە پرۆسە کۆمەڵایەتییە کۆکەرەوەکاندا لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا لە ئاستێکی زۆر سەرەتاییدا بو، ئەمە لە کاتێکدا کە لە پرۆسە کۆمەڵایەتییە چوارچێوەییەکاندا ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی لەلایەن خوێندکارانەوە بە ڕونی دەبینرا.

## 2- ڕەنگدانەوەی ئابوری و تەندروستی و زانستی

### 1_ ڕەنگدانەوەی ئابوری:

خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕەنگدانەوەکانی لەسەر خوێندکارانی زانکۆ لە ڕوی ئابورییەوە دولایەنە بوە، لایەنێکی ئەرێنی و لایەنێکی نەرێنی. لایەنە ئەرێنییەکانی ئەوەیە کە ئەو تێچونەی خوێندکاران لە خوێندنی زانکۆدا بەکاریاندەهێنا، بۆیان دەگەڕایەوە. لە نمونەی تێچونەکانی هاتوچۆکردن، کڕینی خواردەمەنی و پۆشاک و ئەو پێداویستییانەی تری خوێندن کە لە زانکۆدا خوێندکاران پێویستیان بوە، لە کاتێکدا کە خوێندکاران لە ماڵەوە بون، ئەو پێداویستییانەیان نەبوە. لایەنە نەرێنییەکانیش ئەوانە بون کە هەندێک خوێندکار توانایان

نەبوە کۆمپیوتەر و هێڵی ئینتەرنێت دابین بکەن، بۆیە ئەم خوێندنە لە هەندێک خێزاندا بوە هۆکاری لۆد و فشار بۆ دایکوباوکەکان لە دابینکردنی هێڵی ئینتەرنێت (و کۆمپیوتەر و ئایپاد و مۆبایل) و پێداویستییەکانی تری ئەم جۆرە خوێندنە. کە واتە دەتوانین بڵێین ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی ئابوریی دولایەنەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەر خودی ئەو خوێندکارە. واتە لە خوێندکارێکەوە بۆ خوێندکارێکی تر ڕەنگدانەوەکە دەگۆڕێت. ڕەنگە لەسەر هەندێک خوێندکار هیچ ڕەنگدانەوەیەکی خراپی دروستنەکردبێت، ڕەنگە لەسەر هەندێک خوێندکار ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپی دروست کردبێت. بە پشتبەستن بە توانای دارایی خێزانەکە دەتوانین بڵێین ئەم دیاردەیە ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزانەکە دروستکردوە.

## 2_ ڕەنگدانەوەی تەندروستی:

لە ڕوی تەندروستییەوە خوێندنی ئەلیکترۆنی زەرەر و زیانی خۆیی هەیە، ئەویش بە هۆی مانەوەی خویندکار بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لەسەر هێڵەکانی ئینتەرنێت و بینینی شاشەی ئەلیکترۆنی و ئایپاد و مۆبایل و کۆمپیوتەر کە بە نۆرەی خۆیان زیانی تەندروستی بە خوێندکار دەگەیەنن. هەروەها دانیشتنی خوێندکار لەماڵەوە، دانیشتنی مامۆستا لە ماڵەوە، خۆی لە خۆیدا هەم لە ڕوی باری دەرونییەوە، هەم لە ڕوی تەندروستی و جەستەییەوە ڕەنگدانەوەیەکی خراپی هەیە و ئەو کەسە توشی بێزاری دەکات، لەبەر ئەوەی کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بۆ دروست نابێت و بێبەش دەبێت لە کارلێکی کۆمەڵایەتیی ڕوبەڕو، وەک ئەوەی لە خوێندنی ڕوبەڕودا هەیە. هەر خوێندکارێک کە لە ماڵەوە بە تەنیا دادەنیشێت و جۆینی کلاسێک دەبێت، هەم لە ڕوی دەرونییەوە بێزار دەبێت، چونکە کەسێک نییە ڕاستەوخۆ گفتوگۆی لەگەڵدا بکات و، هەم لە ڕوی جەستەییەوە چاو و مێشکی ماندودەبێت، ئەوەندە بە لای شاشەیەکی کۆمپیوتەرەوە دادەنیشێت، یاخود بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی وانەکە لە مامۆستاکە وەردەگرێت.

## 3_ ڕەنگدانەوەی زانستی:

لایەنی زانستی؛ لەلایەنی زانستییەوە من وەک مامۆستایەکی زانکۆ دەتوانم بڵێم خراپترین ساڵ بوە لە مێژوی خوێندنی زانکۆی سلێمانیدا. بە تێڕوانینی من لەبەر ئەوەی ئاستی زانستی خوێندکاری یەکجار دابەزاند و ساڵێک بو کە زۆربەی زۆری خوێندکارەکان دەرچون، واتە وەک پەڕینەوەیەکی گشتی وا بو بەهۆی ڕەچاوکردنی بارودۆخی تەندروستی و بارودۆخی وڵاتەکەوە، کوالیتی خوێندن لەو ساڵەدا زۆر خراپ بو، لەبەر ئەوەی نە مامۆستا توانی بە شێوەیەکی تۆکمە و ڕێکوپێک ئەو پلانەی کە وا دایناوە، بە خوێندکارەکانی بگەیەنێت نە خوێندکارەکانیش توانییان مامۆستا ببینن و وانەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لێوەربگرن، خوێندنی ئەلیکترۆنی خراپترین کوالیتی و خراپترین ئاستی پیشان داین، هەر لە تاقیکردنەوەکانەوە کۆتاییی

ساڵی ئەلیکترۆنییەوە هەر لەو سیمینار و ڕاپۆرتانەی کە وا خوێندکار بە کۆپی-پەیست بۆ مامۆستاکانی ناردوە، واتە دەتوانین بڵێین ساڵێک بوە کە بە لێشاو خوێندکار بە تەمەڵ و زیرەک و مامناوەندەوە هەموی دەرچوە و ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپیشی لەسەر زانکۆ دروست کردوە، چونکە لایەنی زانستیی خوێندکار لە باودا پەسەند دەکرێت، نەک بە ئەلیکترۆنی. (حسین, 2022).

## شەشەم: ئەنجام:

توێژەر بە پشتبەستن بە سەرچاوە زانستییەکان هەر یەک لە ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئابورییەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەسەر خوێندکاران لە خاڵی پێشوتردا خستەڕو، خوێندنی ئەلیکترۆنی وەک ڕێبازێکی نوێی خوێندن هاتە کایەوە. خوێندنی ئەلیکترۆنی واتە پڕۆسەی فێربون و وەرگرتنی زانیاری لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای مالتیمیدیا، بە دابڕان لە دو مەرجی کات و شوێنەوە ڕو دەدات. پەیوەندیی نێوان خوێندکار و مامۆستا لە ڕێگەی چەندین ئامرازی پەیوەندییەوە دەبێت، تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن ڕۆڵێکی سەرەکیی تێدا دەگێڕێت، بە لەبەرچاوگرتنی تواناکانی خوێندکار. (أحمد، ٢٠١٢). بە پشتبەستن بە ڕونکردنەوەکان دەتوانین بڵێین کە لە خوێندنی باودا خوێندکار ڕۆڵێکی لاوەکیی هەیە لە پڕۆسەی فێربوندا بەوەی کە تەنها وەرگرە و، مامۆستا لەم جۆرە خوێندنەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و تاکە سەرچاوەی زانیارییە بۆ خوێندکار کە پێداویستییەکانی فێربون بەرجەستەن و هەمەچەشنن (لە پۆلی نمونەییدا) تێچوی خوێندن زۆرە. ناوەرۆکی بابەتەکان ڕەنگدانەوەی واقیعی ئێستای کۆمەڵگە نییە و خوێندکار پابەندی کات و شوێنێکی دیاریکراوە بۆ بڕینی قۆناغێکی خوێندن و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ، جگە لەوەی کە پەیوەندی و کارلێک و پڕۆسە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆرەکانیەوە (کۆکەرەوەکان، پەرتەوازەییەکان و چوارچێوەییەکان) لە خوێندنی باودا زیاتر هەستپێکراو و بەرجەستەترن.

هەڵسەنگاندنی خوێندکاران لەم جۆرە خوێندنەدا وردتر و ڕێکخراوترە. ئەمە لە کاتێکدا لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا خوێندکار ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پڕۆسەی فێربوندا بەوەی کە تەنها ڕۆڵی وەرگرێک ناگێڕێت و ئازادیی زیاتری هەیە لە دوبارەوەرگرتنی بابەتەکانی خوێندن لە ڕێی ئەپە جیاوازەکانەوە لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا، هەروەها مامۆستا ڕۆڵی ڕاهێنەر دەبینێت لە ئاڕاستەکردنی خوێندکاردا، جگە لەوەی پێداویستییەکانی فێربون بەرجەستە نین و زیاتر ئەلیکترۆنین. تێچوی خوێندن لەم جۆرە خوێندنەدا کەمترە، ئەمە جگە لەوەی کە ناوەرۆکی بابەتەکان نوێن و خوێندکار پابەندی کات و شوێنێکی دیاریکراو نییە لە پڕۆسەی خوێندندا. پەیوەندی و کارلێک و پڕۆسە کۆمەڵایەتییەکان کەمترن لەم جۆرە خوێندنەدا، هەڵسەنگاندنی کۆنترۆڵکراو نییە.

## حەوتەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:

1- پێویستە لەسەر دامەزراوە پەروەردەییەکان و خوێندنی باڵا و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادەکاریی پێشوەختە بکەن بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم جۆرە خوێندنە نوێیەوە.

2- خولی ڕاهێنان و فێرکردن بۆ مامۆستایان و خوێندکاران بکرێتەوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵاوە.

3- ئامادەکاریی بنەڕەتی بکرێت لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە و خوێندنی باڵاوە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندندا لە ڕێگەی بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتی بۆ وەرگرتنی شارەزایی لەسەر خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی پەککەوتنی پرۆسەی خوێندنی ڕووبەڕو.

4- بونی پلانێکی تێکەڵاو و گشتگیر لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە بۆ ئەزمونکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە دۆخی ئاساییدا.

## هەشتەم: پێشنیارەکانی توێژینەوە:

1- هەوڵبدرێت توێژینەوە بکرێت لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندنی ئەلیکترۆنی لە تێڕوانینی مامۆستایان و خوێندکارانەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

2- توێژینەوەیەکی چەندایەتی بکرێت لەبارەی کاریگەرییە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنییەوە.

3- کردنەوەی زانکۆی ئەلیکترۆنی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بە تایبەت بۆ زانستە تیۆرییەکان.

# The reflections of e-learning from a sociological perspective

**Halala Gharib Abdullah[1] - Alia Faraj Mustafa[2]**

[1+2] Department of Sociology, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani ,Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

E-learning has gained considerable importance in the fields of education and teaching. This is because E-learning or distance learning brings direct replacement or is complementary to on-campus educational institutions especially in the cases of emergencies that cause disruption of face-to-face learning in schools. The aim of this research is to present the reflections of e-learning on university students, to present the philosophy of e-learning, the reasons and justifications and types of e-learning, the method is descriptive. Although this type of learning has a long history in some of the neighboring countries of Iraq and in the world, it is a relatively recent mean of learning in the Kurdistan region. This is due to the rapid and continuous changes in technology in the world which has been of paramount concern to researchers. In order to present and analyze the reflections resulting from these changes, the field of education has considered how these changes affect society. In today' world, education is one of the most important factors to make progress in societies. According to the scientists in the field of education, these findings and the new advents of present-day technology have positively affected almost all the institutions in the society.

**Keywords:** Reflection, Study, E-Learning, University Student**.**

# لیستی سەرچاوەکان

ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد (2012) ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: دانا مەلا حەسەن، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 113 و 590

ئەلحەســـەن، ئیحســـان محەمەد (2012) تیۆرییە کۆمەلآیەتییە پێشــکەوتوەکان، و: دیدار ئەبوزێد، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلآت

حوسێن، محەمەد تەها (2013) سایکۆلۆژیای پەیوەندیکردن، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلآت

خدر، نوزاد علی،(2022) قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر خێزان، نامەی ماستەر لەبواری کۆمەڵناسی ئابوری، زانکۆی سلێمانی.

عزیز، عزالدین احمد (2018) دەروازەیەک بۆ دەرونزانیی پەروەردەیی، هەولێر، چاپخانەی هێڤی

الغزوي، فهمي سليم و ئەوانی تر (2018) دەروازەی کۆمەڵناسی، و: توانا فەرەیدون، چاپخانەی تاران

مەحمود، محەمەد (2014) دەرونزانیی کۆمەلآیەتی، و: ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر

ناصر، ئیبراهیم (2013) زانستی کۆمەڵناسیی پەروەردەیی، و: دانا نادر محەمەد، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا

عامر، عبد الرؤوف طارق (2014) التعليم الإلكتروني والتعليم الافتراضي (اتجاهات عالمية معاصرة)، ط1، المجموعة العربية للتدريب والنشر، القاهرة

عسيري، إبراهيم بن محمد والمحيا، عبدالله بن يحيى (2011) التعلم الإلكتروني (المفهوم والتطبيق) للإدارة المدرسية والمعلمين والطلاب، مكتب التربية العربي لدول الخليج، الرياض

نيقولا تيماشــيف، (1983) نظرية علم الاجتماع طبيعتها وتطورها، ت: محمود عودة و آخرون، الطبعة الثامنة، دارالمعارف، القاهرة

أحمد، ريهام مصــطفى محمد (2012) توظيف التعلم الإلكتروني لتحقيق معايير الجودة في العملية التعليمية، المجلة العربية لضمان جودة التعليم الجامعي، المجلد الخامس، العدد9

الخزرجي، حمد جاسم محمد و علي، عباس سلمان محمد محمد (2018)، التعليم الالكتروني في العراق وابعاده القانونية، مجلة مركز بابل الدراسات الانسانية 2018 المجلد الثامن، العدد1

الجعيد، بندر عويض، الاسدودي، نها نيل،(2021 )تأثير جائحة كورونا(كوفيد19) على توظيف التعليم الالكترونى فى برامج الاعلام و العلاقات العامة الاكاديمية، دراسة المقارنة بين الجمعات السعودية والمصرية.

عثمان، منال بنت محمد بن عبدالعزيز (2009) دراسة تحليلية لرسائل الماجستير و الدكتوراه في مجال التعليم الالكتروني بجامعة الملك سعود في مدينة الرياض

عفاف، غول (2020) الاتجاهات الطلبة الجامعيين نحو التعليم المهني، الجامعة محمد خيضر، الجزائر

فاطمة، عبابو (2022) أساسيات التعليم الالكتروني في ظل التحولات الحالية، مجلة سلوك

بن قايد، فاطمة زهرة (2017) تعزيز قدرة الطالب الجامعي علي تحقيق أبعاد التنمية المستدامة للاقتصاد الوطني، الملتقى الوطني حول الطالب الجامعي في خدمة التنمية المستدامة، جامعة غليزان، الجزائر

الشهراني، ناصر بن عبدالله ناصر (2009) مطالب استخدام التعليم الإلكتروني في تدريس العلوم الطبيعية بالتعليم العالي من وجهة نظر المختصين، دراسة تكميلية لنيل درجة الدكتوراه في المناهج وطرق التدريس (العلوم)، جامعة أم القرى

الموسى، عبدالله بن عبدالعزيز (2002) التعليم الإلكتروني مفهومه، خصائصه، فوائده، عوائقه، ورقة عمل مقدمة لندوة مدرسة المستقبل، جامعة الملك سعود كلية التربية

محمد، پەروین أبوبكر (2011) العقم وانعكاساته على العلاقات الاجتماعية الاسرية

المجموعة الأمم المتحدة للتنمية مستدامة، (أغسطس، 2020) التعليم في أثناء جائحة كوفيد-19 وما بعدها، https://unsdg.un.org/ar/resources/mwjz-syasaty-altlym-fy-athna-jayht-kwfyd-19-wma-bdha 2021-11-23

كردى، احمد السيد، (2011) فلسفة التعليم الإلكتروني، 2022-1-15 https://kenanaonline.com/users/ahmedkordy/posts/323798

إيناس عباد العيسى، (2022) التعليم الإلكتروني: دور المعلم و مبررات التطبيق، 13-5-2022

https://www.new-educ.com/التعليم-الإلكتروني-دور-المعلم#google_vignette

مروى بنت يحيى الدفاعي، (2010) مبررات التعليم الالكترونى. 10-3-2022

http://almaktraas.blogspot.com/2010/04/blog-post_6081.html

المألف غير معروف، (2012) لتعلم الالكترونى (مفهوم -انواعه- مبررات إستخدام التعلم الإلكترونى- أهداف التعليم الالكترونى- مميزات وقواعد التعليم الإلكترونى- متطلبات التعليم الإلكترونى- معوقات التعليم الإلكترونى- التغلب على معوقات التعليم الإلكترونى). 18-3-2022 http://techm3lomat2012.blogspot.com/2012/12/blog-post_6160.html

https://www.startimes.com/?t=28294474

UNESCO, (4 November 2022), UNESCO's education response to COVID-19.

11-12-2022 https://www.unesco.org/en/covid-19/education-response/initiatives.

Splintt, History of eLearning, 28-10-2022 https://www.splintt.nl/en/history-of-elearning/

https://baxili.ru/ar/biznes-idei/ponyatie-refleksii-i-ee-sushchnost-refleksiya-v-psihologii--chto-eto.html,٢٠٢٢/٣/٨

Imed Bouchrika, (2022), History of eLearning: Evolution from Stenography to Modern LMS Platforms, 4-11-2022 https://research.com/education/history-of-elearning

چاوپێکەوتن لەگەڵ حسێن، توانا فەرەیدون، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی سلێمانی، ڕێکەوتی 2022/10/25، شوێن: بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی، ماوەی چاوپێکەوتن: 45 خولەک

چاوپێکەوتن لەگەڵ صالح، سەرنج عەزیز، مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی، ڕێکەوتی 2022/10/31، شوێن: بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی، ماوەی چاوپێکەوتن: 30 خولەک